حکومەتی هەرێم: 240 هەزار و 111 فەرمانبەر لە قەناغی دوەمدا لە وەرگرتنی زەوی سودمەند دەبن



حکومەتی هەرێمی کوردستان قەناغی دوەمی پێدانی زەوی بەفەرمانبەران دەستپێدەکات و رایدەگەیەنێت، 240 هەزار و 111 فەرمانبەر لە قەناغی دوەمدا لە وەرگرتنی زەوی سودمەند دەبن.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێم لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "لە درێژەی پرسەی دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەردا و لەژێر ڕاسپاردەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و بە سەرپەرشتیی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، قەناغی دوەمی پێدانی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا دەستپێدەکات.
ئاماژەی بەوەشکردوە، "مامەڵەی وەرگرتنی قەناغی دوەمی پێدانی زەوی بە 27 وەزارەت و فەرمانگە تەواو بوە، کە تێیدا 240 هەزار و 111 فەرمانبەر لە وەرگرتنی زەوی سودمەند دەبن".
ئەوەشیخستەڕو، "پێدانی زەوی هەمو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، لە فەرمانبەرانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، سێران، ڕاپەڕین، گەرمیان و زاخۆ".

□□ژی 27ی (ئازار/3)ی 2024، ئه□نجومه□نی وه□زیرانی هه□ر□می کوردستان، ژماره□یك ب□یاری ده□رکرد، یه□ك□ك له□و ب□یارانه□ش پ□دانی زه□وی بو به□ فه□رمانبه□رانی که□رتی گشتی به□پ□ی مه□رج و □□نمایی□یه□کان.